# ئیسرائیل و كێشه‌كانی له‌ سیاسه‌تی ده‌ره‌كیدا

ن: مه‌جید سوهه‌یلی مێمر
و: شه‌ماڵ ته‌رغیبی

له‌ ساڵی ١٩٤٩ به‌ملاوه‌ هه‌تا وه‌كو كۆتایی هاتنی ته‌مه‌نی یه‌كێتی سۆڤییه‌ت، كه‌ بناغه‌ی پێوه‌ندییه‌ نێونه‌ته‌وه‌ییه‌كان بوو، شه‌ڕی سارد له‌نێوان دوو زلهێزی رۆژهه‌ڵات و رۆژئاوا بوو، ده‌وڵه‌تی ئیسرائیل ئه‌و خاڵه‌ی له‌ سیاسه‌تی ده‌ره‌كی خۆیدا وه‌به‌رچاوگرت به‌قازانجی رۆژئاوا رۆڵ بگێڕێ، ئیسرائیل رۆژئاوای به‌قه‌ناعه‌ت گه‌یاندبوو، كه‌ به‌ربه‌ره‌كانی له‌گه‌ڵ زێده‌خوازیی كۆمۆنیزم رۆڵێكی تایبه‌تی هه‌یه‌و بۆ به‌رگری له‌ زۆربوونی دزه‌ی یه‌كێتی سۆڤییه‌ت له‌ ناوچه‌دا، رێگایه‌ك جگه‌ له‌ به‌هێزكردنی ده‌وڵه‌تی ئیسرائیل نییه‌، بۆیه‌ له‌ ماوه‌ی ده‌ورانی شه‌ڕی سارددا (٤٠)ساڵ. ئیسرائیل له‌ پشتیوانی بێ ئه‌ملاو ئه‌ولای سیاسیی، ئه‌منییه‌تی ئابووری رۆژئاواو به‌تایبه‌ت ولاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا كه‌ڵكی وه‌رگرت. به‌هه‌ره‌سهێنانی یه‌كێتی سۆڤییه‌ت، رۆڵی ئیسرائیل وه‌كو به‌ربه‌ستی په‌ره‌گرتنی دزه‌ی كۆمه‌نیزمیش له‌نێوچوو، هه‌روه‌ها به‌هۆی هێرشی سه‌دام حوسێن بۆ سه‌ر خاكی كوێت و ده‌ستپێكردنی شه‌ڕی كه‌نداو و هه‌روه‌ها هاتنی راسته‌وخۆی هێزه‌ رۆژئاواییه‌كان بۆ ناوچه‌كه‌، رۆڵی كاریگه‌ری ئیسرائیل له‌ چوارچێوه‌ی ستراتیژی رۆژئاوادا كه‌وته‌ ژێر پرسیاره‌وه‌و مه‌سه‌له‌ی ره‌وتی ئاشتی عه‌ره‌به‌كان و ئیسرائیل و لابردنی گه‌مارۆكانی سه‌ر رژێمه‌كه‌ له‌ لایه‌ن هێزێك له‌ ولاته‌ رۆژئاواییه‌كانه‌وه‌ش ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ی بووژانده‌وه‌، بۆیه‌ ده‌وڵه‌تی ئیسرائیل به‌شوێن دروستكردنی رۆڵێكی نوێ بۆ خۆی بوو. واته‌ سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئیسرائیل هه‌میشه‌ له‌ژێر

کاریگەری بارودۆخی ژئولۆتیکییەکەی، کێشەی عەرەبەکان لەگەڵ ئیسرائیل و کێشەی وەرگیران لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوەو بەتایبەت وڵاتە عەرەبییەکان بووە، لەو پێوەندییەدا، دوو ئەسڵی گشتی سیاسەتی بەشداری و ڕۆیشتە دەرەوە لەگەڵ گۆشەگیری سیاسی دیپلۆماتیک، هەر لە سەرەتاوە نموونەی ڕێبەرانی ئیسرائیل بوو. بۆ ئەم مەبەستەش ئیسرائیل لە ماوەی ژیانی خۆی بەبەشداری (کێبەرکێ ئاسانە) لەتەنیشت عەرەبەکاندا و زاڵبوون بەسەر (لەپەراوێز ڕاگرتنی) دیپلۆماتیک، لەڕێگای کردەوەی دیپلۆماتیکی شاراوەو ئاشکرا هەوڵیداوە، بەواتایەکی دیکە دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی دەرەکی لە هەرشوێنێکی جیهاندا و لە هەرئاستێکدا کە دەکرێ بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل گرنگە.

بەم پێیە بەدوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤییەت و پێکهاتنی وڵاتە سەربەخۆکان لە ئاسیای ناوەندیدا ئیسرائیل مەیلی بەلای دامەزراندنی پێوەندی دیپلۆماتیک و ئابووری لەگەڵ ئەوان دەچوو، بەو هۆیەوە کە **یەکەم**: کۆمارە موسڵمانەکانی ئاسیای ناوەندی سیاسەتی دژ بەئەو نەگرنە دەست.

**دووهەم**: لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکاندا، لە راو بۆچوونەکانیاندا کەڵک وەربگرێت. پاش رووخانی یەکێتی سۆڤییەت دوو مەترسی ئیستراتژیک، هەڕەشەی لەبوونی ئیسرائیل دەکرد **یەکەم**: پەرەئەستاندنی هێزی ناوەکی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو بەناوچەی وڵاتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەلەبەرچاوگرتنی وەزعی نالەباری ئابووری کۆمارە تازە سەرهەڵداوەکان. **دووهەم**: ئەوەی کە پەیوەندی بە ئیستراتژیکەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بەلەناوبردنی دژبەری دەورانی شەڕی سارد، بەلانی کەمەوە لەبواری سەربازییەوە کەوتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە ئیسرائیل ناچار بوو لەسەر ئەم دوو مەسەلەیە کە پەیوەندی لەگەڵ مان و نەمانی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەبوو بەشێوەیەکی جیدی تێفکرایە.

ئەگەرچی کێشەی عەرەبەکان و ئیسرائیل لە ماوەی ژیانی ئیسرائیلدا یەکێک لە گرنگترین نیگەرانییە ئەمنییەتییەکانی پێکدەهێنا، بەڵام بەدوای ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی کۆتاییەکانی دەیەی ۱۹۷۰ و دەیەی ۱۹۸۰ و بەتایبەت ڕوودانی شۆڕشی گەلانی ئێران و ترس لە پێڕاگەیشتنی وڵاتگەلێک وەک ئێران و پاکستان بەچەکی ناوەکی، ئیستراتژییەکانی ئیسرائیلی بەخوێندنەوەیەکی نوێ لە ئەمنییەت و هەرێمی ئەمنییەتی ناچارکرد. کاتێک گرنگی ئەم مەسەلە دەرکەوێ کە بزانین زیاتر لە ١٠٪ی چەکە ناوەکییەکانی یەکێتی سۆڤییەت لەدەست قازاخستاندایەو، هەروەها لەو پێوەندییەدا هێندێک هەواڵ و پڕۆپاگەندە سەبارەت بەونبوونی کلاوەکی ناوەکی مووشەکی ئیستراتژیکییەکانی پێشوو لەم کۆمارەدا لەئارادا بوو، لەم پێوەندییەدا ئیسرائیل بەهاوکاری رووسیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەتایبەت لە قەزاقستان دەستیان کرد بەبەرێوەبردنی بەرنامەگەلێک کە لەئاکامدا سەرکەوتوو بوون و نەتەنیا پێشیان بەبڵاوبوونەوەی چەکە ناوەکییەکانی ئەم وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرت، بەڵکو لە مانگی مەی ساڵی ۱۹۹۵دا، بیکەنە وڵاتێکی دامالراو لە چەکە ناوەکییەکان، لە لایەکی دیکەوە بەشێک لە هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ ڕاگرتنی پەیوەندییە ئیستراتژییەکانی لەگەڵ ئەمریکا، دوورەپەرێزکردنی

ئێرانە.

بەڵام پەیوەندی ئەم مەسەلەیە بەئاسیای ناوەندییەوە لەگەڵ هەوڵی ئیسرائیل بۆ پێشڕەوبوون لە خەباتی دژی بناژۆگەرییەتی ئیسلامیدا دێتە گۆڕێ، بەواتایەکی دیکە ئیسرائیل، ئەمریکای هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە بۆ شەڕ لەگەڵ بناژۆخوازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامدا و لەژێر چاودێرخستنی وڵاتانێک وەک ئێران و کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست، ڕۆڵی ئیسرائیل وەک پێویستییەک دەنوێنێ، ئەم ڕۆڵەش هەمان پشتیوانی سیاسیی و سەربازی و ماڵی دەوێ. بەتێپەڕبوونی زەمان دەردەکەوێ کە ئیسرائیل لە پاراستنی هەڵکەوتوویی یەکێتی سۆڤییەت ئەمڕۆ خۆیدا سەرکەوتوو بوو، لە لایەکی دیکەوە، ڕوخاندنی یەکێتی سۆڤییەت ، ئەو هەلەی بۆ ئیسرائیل ڕەخساندوە، بۆ تورکیاشی پێکهێناوە کە بۆتە وەرچەرخانێکی قووڵ لە سیاسەتی دەرەکی تورکیادا و پاڵی بەم وڵاتانەوە ناوە تا وەدووی کەرەستەی چوونە نێوەوەی سیاسی و ئابووری و تاکتیکێکی لە کۆمارە نوێیەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا ڕابگرێ. مەیل بەپەرەپێدانی نموونەی تورکی و دیموکراسیی پەرلەمانیی، مەسەلەی ئابووری بازاڕی ئازاد و سکۆلاریسم لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا هاندەرێکی نوێی بەهەوڵەکانی تورکیا دا بەخشیووە، نۆژەنکردنەوەی جیهانی تورکی ئەو هەلەی بەتورکیا داوە کە گرنگی ئیستراتژییەکی پێشووی خۆی بەدەستبێنێتەوە.

تورکیا و ئیسرائیل تەنیا ڕۆڵگێڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دامەزراندنی ناوچەگەلی دزە تێکردن لە ئاسیای ناوەڕاستدا نین ئێران و عەرەبستانیش لەڕێگای باشتربوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ناوچە دەچنە پێشەوە و ئەم گۆڕانکارییانەش ڕێگای بۆ هاریکاری چەندلایەنەی نێوان ئیسرائیل و تورکیا لە ئاکامدا هەڵوێستی هاوبەشی سکۆلاریستیان خۆشکردووە.

هەمیشە ئاگاداری وردی لەسەر پشتیوانی توندوتۆڵ لە ئیسرائیل لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بووە، ئیسرائیل لەبەرامبەر ڕوانگەی مێژوویی نەرمی نیشان دانی ئیمپراتۆری عوسمانی بەنیسبەت جووەکان، هەڵوێستی هاوخەمانەی خۆی دەربڕیووە، هەڵبەت هەردووکیان وڵاتانێکی ناعەرەبن لەدەوروبەری وڵاتە عەرەبییەکاندان.

دەبێ ئەم خاڵەش زیادبکەین، کە ئاسۆی هاریکاری نێوان تورکیا و ئیسرائیل سەبارەتە بەکۆمارە نوێیەکان لەچوارچێوەی پێکهاتنی بەربەست لەسەر ڕێگای پەرەستاندنی بناژۆخوازی، سەرمایەدانانە هاوبەشەکان لە کشتوکاڵ و بەشە پێوەندیدارەکان و یارمەتی دوولایەنە بۆ دامەزراندنی هێندێک پێداویستی فێرکاریی بەرتەسک بوو.

هەردوو وڵات دەزانن کە ناتوانن ڕێگاچارەیەک بۆ نەخۆشییە، سیاسیی و ئابوورییەکانی ئاسیای ناوەڕاست پێشنیاربکەن.. بەهەرحاڵ هاوکاریی دامەزراو لە ڕوانگەی هەردوو وڵاتەوە گرنگە ، لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە هاوکاری لەگەڵ تورکیا لەوانەیە هێندێک کێشەی سەر ڕێگای دزەی ئیسرائیل لە بازاڕی کۆمارەکانی پێشوو لەنێوببات، لەگەڵ ئەمانەشدا، تورکیا هاوپەیمانی سروشتی ئیسرائیل لە شەڕی دژ بەئێرانە، ئاشکرایە کە زیندوویی دەورانی پاش یەکێتی سۆڤییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ئیسرائیل و تورکیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەخاتە ژێر چەتری بەرژەوەندیی هاوبەشەوە. بۆ وێنە پرۆژەی کشتوکاڵی هاوبەش کە ئەم سێ وڵاتە لە ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٤، لە ئۆزبەکستان و تورکمەنستان کردیانەوە.

مەبەستی روونی ئیسرائیل راگرتنی پشتیوانی ئەمریکایە لە کاتی فرەکردنی ئیمتیازەکانی سیاسەتی دەرەوەیە، کەوابوو، هاوکاری و هاوهەنگاوی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل بەشێکە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەو مەبەستی سەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە چوارچێوەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەیە، مەبەستی لکاندنی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیک و قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست و تورکیا لە ناوچەیەکی ژئۆپۆلیتیکی. لەڕاستیدا ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئیسرائیلی تووشی کێشە کردووە یەکەم: لەناوچوونی دەسەڵاتی پێشووی مۆسکۆ لەم ناوچەیەو دانانی بۆشایی ئەمنیەتی لە کۆمەڵەی یەکێتی سۆڤییەتە، کە بووە هۆی ئەوەی کە مۆسکۆ لەگەڵ سێ هەڵبژاردن بەرەوڕووبێت یەکەم زێدەخوازی و زیندووکردنەوەی یەکێتی سۆڤییەت بەشێوازێکی نوێ. دووهەم: لەپەراوێزگرتنی تەواوی کۆمارەکانی پێشووی یەکێتی سۆڤییەت وەکو خۆیان و وڵاتانی چالاکییەکانی لە ئابووری بەهێزکردنی یەکێتییەکە. **سێیەم**: هاوکاری و لێکدی نزیکبوونەوەی لەگەڵ کۆمارە نوێیەکان لەمەڕ دابینکردنی قازانجە نەتەوایەتییەکانی رووسیا و پێشگرتن لە مەیلە نا ناوەندگەرەکان لە کۆمارەکاندا. هەڵبژاردنی یەکەم بەهۆی لاوازی گشتی رووسیا و ئەگەری سەرگرتنی زنجیرە شەڕو کێشەگەلێکی گەورەو دژایەتیکردنی هێزە گەورەکان بێ دەرەتان بوو. هەڵبژاردەی دووەم بەهۆی دژایەتی بەربڵاوی نەتەوەگەراکان بوونی کەمایەتییە رووسەکان لەم کۆمارانەدا و قازانجگەلێک کە رووسیا لەم کۆمارانەدا هەیەتی سەری نەگرت، بەڵام هەڵبژاردەی سێیەم بەهۆی ئەو کەشوهەوای زاڵ بەسەر رووسیاو ناوچە تەنیا رێگاچارەی خاوەن دەرەتانە. بەهۆی سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم سیاسەتە گرنگی سیاسی و ئابووری و ئەمنییەتی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بۆ رووسیا بوو. بۆیە لە روانگەی مۆسکۆوە کۆمارەکانی سۆڤییەتی پێشوو، دەبووایە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی رووسیادا بمێنێننەوە، رێک وەک وڵاتانی کارائیب کە لەژێر هەژموونی ئەمریکادان. بەم شێوەیە مۆسکۆ لە بارەی سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتێکی داڕشتووە کە تەوەرەکەی پاراستنی قازانجە نەتەوەییەکانی رووسیا لە ناوچەکەدا بوو، ئەم شێوازە لە تێزی «مۆنرۆئی»ی رووسی چەندین رەهەندی نوێی بەخۆوە گرت، بۆ وێنە پێشگرتن لەدزەی وڵاتانی دیکە بۆ ناوچەکە پاش رووخانی یەکێتی سۆڤییەت، دزەی وڵاتگەلی جیاواز بەم ناوچانە بووە هۆی ئەوەی کە " کایەی گەورە" کە لە سەدەی ١٩ لەنێوان رووس و بەریتانیا پێکهاتبوو دیسانەوە بەرِۆڵگێڕانێکی نوێوە لەم ناوچەیە پێکبێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە رووسیا دەیەویست وەکو درێژەدەری سۆڤییەتی کۆن لە مەسەلەی گواستنەوەی نەوت بۆ بازاڕی جیهانی قسەی یەکەم بکات، بۆیە هەوڵی رووسیا بۆ وەرگرتنی بەش لە پرۆژە نەوتییەکانەو هەروەها هەوڵدان بۆ راکشانی سەرمایەدانانەکان و پەسەندی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز بەکەڵکوەرگرتن لە هێڵی لوولەیی رووسیا بۆ ناردنی نەوت و گازی ناوچەکە، لە مەبەستە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی رووسیایە لەم بوارەدا. رووسیا هەوڵی داوە لە تەواوی پرۆژە نەوتییەکاندا لەژێر گوشار دانانی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بەشی خۆی وەدەستبێنێ. لەڕاستیدا، یەکگرتوویی رووسیا و کۆمارەکانی دەوروپشتی میراتێکی کۆنە کە ریشەی لە سەدەی تزاری و یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو هەیە

بەپێچەوانەی ئیمپراتۆریەکانی سەرووی دەریاکانی فەرەنسا و بەریتانیا، ئیمپراتۆری رووسیا لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی پێوەندی کۆمەڵایەتی، ژئۆپۆلیتیکی ئابووری وکەلتووری هەبوو، پێوەندییە تێکەڵاوو نزیکەکانی رەگەزی ئیسلاو و تورک زوبان لەم ئیمپراتۆرییەتەدا خاڵێک بووە کە جیاوازی دەخستە نێوان ئەو ئیمپراتۆرییە و ئیمپراتۆرییە مێژووییەکانی دیکەوە، خەڵکێکی زۆری ئیسلاوی نیشتەجێ لە ئاسیای ناوەراست و قەفقاز، دژەی رووسیایان زۆر ئاسانکردووە، قایمکردن و بەهێزکردنی پێکهاتەی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی لە سەدەی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوودا ئەم پەیوەندییەی پرمان کردووە، بۆیە یەکگرتوویی قووڵ گشت لایەنەی کۆمارەکانی دەوروبەری رووسیا لەگەڵ ئەم وڵاتەدایە پرۆسەی دەوڵەتسازی ئەوانی لەگەڵ هێندێک کێشەی بنەرەتی بەرەورووکردووە، ئەم مەسەلە بووە هۆی ئەوەی کە، روانگە ئەمنییەتییەکانی رووسیا سەبارەت بە ئاڵوگۆرە نێوخۆییەکانی ئەم ناوچانە تیژتربێت. پەرەسەندنی ناسەقامگیری سیاسی و سەربازی لە ئاسیای ناوەراست، وەکو دراوسێ ئەوروپاییەکانی رووسیا، ئەمنییەتی نەتەوەیی ئەو وڵاتەی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە. کەوابوو، سیاسەتی دەرەوەی رووسیا بەشێوەی جددی لەژێر کاریگەری پێداویستییە ئەمنییەتییەکانی و پێویستی پاراستنی ئەمنییەت و سەقامگیری دەوروبەری سنوورەکانیدایە، کەوابوو لەرێگای دەوڵەتسازیدا، پێوەندی ئاڵۆز و نزیکی مەسەلەگەلی جۆراوجۆری رووسیا و کۆمارە بەجێماوەکانی لە رووخانی یەکێتی سۆڤییەت، پێوەندی ئەمنییەتی لەنێوانیاندا لێکەوتۆتەوەو رووسیا بەشێوەیەکی سەیر سەرنجدەداتە مەسەلەی ژئۆپۆلیتکی « ئۆراسیا ».

رێبەرانی رووسیا، دەرەوەی نزیک و دابینکردنی ئەمنییەتەکەی لە پلەی یەکەمی سیاسەتی دەرەوەی خۆی داناوەو چاوەروانی لەدەوڵەتەکانی دیکە هەیە کە قازانجە تایبەتییەکانی لەم ناوچەیە بەرەسمی بناسن. بەم شێوەیە رووسیا خۆی بەبەرپرسی دابینکردنی نەزم و ئەمنییەت لە دەرەوە دەزانێ و بەرپرسیاریەتییەکی تایبەتی بۆ خۆی داناوە، رووسیا بەرێوەبردنی رۆڵی ئەکتیڤ و بەکەڵک لە دەرەوەی بۆ شکڵدان بەگۆرانکارییەکانی داهاتوو لە بارەی سیاسی، سەربازییەوەو ئابووری ناوچەی "ئۆراسیا" لەبەرچاوگرتووە.

کێشەیەکی دیکەی ئیسرائیل لە سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە ئاسیای ناوەراستدا، بوونی ئێرانە لە ناوچەی ئاسیای ناوەراست وەکو زلهێزێکی ناوچەیی، لەراستیدا ئێران بەگومانەوە سەیری هاتنی کۆمپانیا فرەنەتەوییە رۆژئاواییەکان لە ناوچەکەو هەروەها تورکیا و ئیسرائیلیش دەکات. تورکیا وەکو پیاوی رۆژئاوا لە ناوچەدا، دادەنرێ و ئیسرائیل گەورەترین دوژمنی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە مەبەستی پێشگرتنە لە دژەی کۆماری ئیسلامی و لەنێوبردنی. لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەکی ئێران، سەقامگیریی ناوچەیە«١»، بەرگری لە دژە دوژمنان، پەرەپێدانی پۆزەتیڤی هاوسنووری«٢»، و هاریکاری ئابووری و پاراستنی پەیوەندی دۆستانەکان«٣»، لەگەڵ رووسیا و کۆمارەکانی ئاسیای ناوەراست و قەفقاز دەبینرێن.

لە روانگەی ئێرانەوە، بوژانەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەراستدا دەبێتە هۆی دووبارە نوێکردنەوەی شوێنگەی سروشتی شێران لەناوچەدا، لەم پەیوەندییەدا ئێران خوازیاری دابینبوونی هاوسەنگی ناوچەیی و پاراستنی

سەقامگیری«٤» ، پێشگرتن لە گەمارۆدران و بەرەوپێشبردنی ئامانجە ئابووری و فەرهەنگی و.. خۆبەتی«٥» ، هەروەها پەیوەندییەکی چڕی لەنێوان تایبەتمەندی گەلێک وەک سەقامگیری ئابووری- سیاسی و ئاسایشیدا. پەیوەندی ئابووری- سیاسی و گەشەی کولتووریدا و پەیوەندییە ئابووری- سیاسی و گەشەی لێک پێگەیشتن«٦» و سەقامگیری«٧»ناوچەییدا، دامەزراندووە. لە روانگەی ئێرانەوە پاراستنی سەربەخۆی وڵاتانی ناوچەی باشووری یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو، ژیانەوەی هەڵکەوتوویی جوگرافی- ئابووری (ژئۆئیکۆنۆمی) مێژووی ئێرانی لێدەکەوێتەوە، بەم پێیە ئێران وەکو پەیوەستکەری باکوور- باشوور هەروەها رۆژهەڵات- رۆژئاوای ئەوروپا، رۆژهەڵاتی ناڤین و وڵاتانی هاوبەرژەوەندی ئاسیای رۆژهەڵات و باشووری، بەیەکدی دەلکێنێ.

ئێران تێدەکۆشێ بەلەبەرچاوگرتنی ئاسۆیەک لە خۆی وەکو نێوەندی جوگرافیای- ئابووری رژێمی بەربڵاوی ئاڵوگۆڕو بازرگانی، شوێنگەی ناوچەیی خۆی سەقامگیر بکات و گۆشەگیرییەکەشی کاڵ بکاتەوە، هەروەها ئێران هیوادارە وەکو هێزێکی جوگرافیایی -ئابووری لە ناوچەدا سەرهەڵبێنێ و خۆی بکاتە تەوەرەی کەناڵی نوێیە پەیوەندی و پەیوەستەکان!!.

لە هەمان کاتیشدا ئەم ئاسۆیە دەتوانێ روخسارێکی سیاسی بەخۆیەوە بگرێ و رۆڵی ئێران لە گەشەی ئابووری، گرتنەبەری رێڕەوی جیهانی وڵاتانی ناوچەی باشووری یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو کاریگەرییان نیشان بدات.

بوونی ئێران بەپردی پەیوەندی تێوان ناوچەی خەزەرو جیهان، پێویستی بەسەرمایەدانانی لەرادەبەدەرە، کە ئێران بەهۆی گرفتە ئابوورییە نێوخۆییەکان و دژایەتییەکانی ئەمریکا زۆر ئەستەمە بتوانێ وەها رادەیەکی مەزنی سەرمایە بۆ لای خۆی رابکێشێ. کەوابوو، ئەوەی دەرکەوت، نیشاندەری ئەوەیە کە رۆڵی نوێی ئیسرائیل لە چوارچێوەی ستراتیژی رۆژئاوا لە ناوچەکەدا، بەمەبەستی راوەستان لەبەرامبەر دزەی«٨» ئێران و رووسیا لە ئاسیای ناوەراستدایە. بەپێی راپۆرتێکی کە رێکخراوی "CIA" بەهاوکاری وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئیسرائیل دایرشتووە، دەبێ لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا رۆڵێکی نوێ بەئیسرائیل بدرێ. ئەم راپۆرتە کە بەچاودێری "سامۆئیل برکر" راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دارێژراوە، پێشنیاردەکات بۆ ئەوەی ئیسرائیل ببێتە تەوەرەی دژایەتی لەگەڵ دزەی «٩»ئێران و رووسیا دەبێ هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ دزەتێکردن لە کۆمارەکانی سۆڤییەتی پێشوو رێنمایی بکرێن. لەم بەڵگەیەدا، رۆڵی ئیسرائیل وەکو "کوبای ئەمریکا" لە ناوچەی سەقامگیری ئاسیای نێوەراست و ناوچەی دەریای خەزەر ناوزەدکراوە لە تورکیاش وەکو هاوپەیمانی سەرەکی بۆ ئیسرائیل لە دزەتێکردن لە ئاسیای نێوەراستدا ناوبراوە.

لەراستیدا، سەرنجی ئیسرائیل بەوڵاتانی ئاسیای ناوەراست بۆ بووژانەوەو خشتەگەری تێزی "بن گورین" سەبارەت بەپەیوەندییەکانی دەوروبەر. هەروەک چۆن لەوکاتەدا مەبەست لە پەیوەندیگرتن و پەیمان لەگەڵ تورکیا، ئێران و ئیتیۆپیدا شتێک جگە لە شکاندنی بازنەی عەرەبەکان لەدەوروبەری ئیسرائیل نەبوو، ئەمڕۆش ئەم وڵاتە لە بەدواداچوونی ستراتیژییە دەوروبەرەکانی خۆی و روانین لە ئەوپەڕی ئاسۆوە، خشتەیەکی نییە جگە لە شکاندنی بازنەی وڵاتە دژبەرەکان، لە بەدواداچوونی ستراتیژی روانینی ئەوپەڕی ئاسۆ لە دەیەیەک لەمەو

پێش، مەیلی ستراتیژییێکی ئیسرائیل بۆ ئاسیای باشووریش، پتربووەو بەگەشەی پێخۆشبوونەکان سەبارەت بەبەهێزکردنی پەیوەندییە دوولایەنەکان لەگەڵ دەوڵەتی جوو لەم ساڵانەی پێشوودا، توندتریش بووە. بۆ هیندستان کە دەیەوێت بەرگری پێویست لە تەواوی بۆ راوەستان لە بەرامبەر توانایییە ستراتیژییەکانی پاکستان و چین دابین بکات، ئیسرائیل بۆ ئەم مەبەستە وڵاتێکی بەکەڵکە، ئیسرائیلیش هیوادارە بەپەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هیند وەکو ئەو پەیوەندییانەی کە پێشتر لەگەڵ چین هەیبووە، بەرە بەداماڵینی چەک و چۆڵ و تەکنەلۆژیای ناوەکی بەئێران بگرێ.

بەم پێیە، هەردەم دەسەڵاتبەدەستەکانی ئیسرائیل ترسی خۆیان لە دەستپێڕاگەیشتنی دوژمنانیان لە رۆژهەڵاتی ناڤین را بەچەک و تەکنەلۆژیای ناوەکی بەجێماوە لە ئاسیای ناوەراستدا راگەیاندووە.

ئیسرائیل لە درێژەی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا بەشوێن قازانجەکانی لە وڵاتانی موسڵمانی ئاسیای نێوەراستدایە و قازانجە ئاسایشییەکان یەکێک لە بنەرەتترین بەرژەوەندییەکانیەتی. سەبارەت بەم مەسەلەیەش بەرژەوەندی سیاسی و ئەمنییەتی ئیسرائیل لەم دوایییانەدا لە راگەیەنەرە گشتییەکاندا باسکراوە، پێکهێنانی پرۆسەیەکی تازە لەنێوان ئازەربایجان- ئیسرائیل - تورکیا.

لەم پەیوەندییەدا ، واشنتۆن توانی سێبەری خۆی بەشێوەی ئاشکراو روون لەپشت سەری خۆیدا بەپێکهاتنی شێوەی سێ رەهەندی ئیسرائیل - تورکیا- ئازەربایجان **ببینێ**، لە لایەکی دیکەوە، چوونە سەرەوەی رەوایی جیهانی و ناوچەیی بەپێکهێنانی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی موسڵمانی ناوچەکە، لە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی دیکەی ئیسرائیل لە کاتی هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوویە لە بەر ئەوەی هێشتا حکوومەتی ئیسرائیل لە گۆشەگیریدایە بەو پێیە دەربڕینەکانی ئیسرائیلییەکان، لەو کاتانەشدا هۆکاری هێنانە دەرەوەی ئیسرائیل لە گۆشەگیری ناوچەییدا هەر هەبووە، راگەیاندنی سەربەخۆیی وڵاتانی ئاسیای ناوەراست. دەرەتانییێکی بۆ دامەزراندنی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی موسڵمانی ناوچەکە و راگەیاندنی رەوایی ئەم وڵاتە رەخستاند، بەرەسمی ناسینی لە لایەن بەشێکی زیاتری وڵاتە موسڵمانەکانی ناوچەکە، نەبوونی رەوایی رژێمەکەی لە روانگەی وڵاتانی ناوچە کاڵتر کردووە و ئیسرائیلی بەئامانجەکانی خۆی لە چوارچێوەی تێروانینی رۆژهەڵاتی نێوەراستی نوێدا نزیکتر کردۆتەوە. بەباوەری بیرمەندان، ئیسرائیل لەرووی دیپلۆماتیکییەوە لەگەڵ ئاسیای ناوەراست، تا رادەیەکی دڵخۆشکەرانە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، لەراستیدا بەهەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤییەت لەگەڵ ئەمەشدا ناوچەی ئاسیای ناوەراست کە دەبووە بەشی باشووری ناوچەی هارتلەند ((هەرێمی دژوار))ی گەلاڵەی "مەکیندر" رەنگدانەوەی رەهەندی هاوسەنگی هێزی جیهانی دووجەمسەری لە جیهان بوو، تووشی بۆشایی دەسەڵات هاتووەو بووەتە گۆرەپانی کێبەرکێی چەند لایەنەو دەرەتانی بۆ تێگەیشتن لە دەسەڵات پێکهێناوە، لەم نێوەدا ئەمەریکا سنوورە ئۆپۆلیتیکییەکانی خۆی هەتا شوێنی هاوتایی لەگەڵ سنوورە جوگرافی- سیاسییەکانی رووسیا بڵاوکردۆتەوە تا کایەی کێبەرکێی دەسەڵات و دژەتێکردن سەبارەت بەهاورێکانی ناوچەی خۆی بەتایبەت تورکیاو لەپەنای ئەمیشدا ئیسرائیل بەقازانجی خۆی کۆتایی پێدێنێ.

لەگەڵ ئەوەشدا رووسیا بەربەستێکی هێزەکی لەبەرامبەر پەرەسەندنی هەبوونی ئیسرائیل لە کۆمارە نوێیەکانی ئاسیای ناوەڕاست پێکهێناوە، سنوورەکانی زلهێزی پێشوو لەم کۆمارانەدا بەشێوەی نەریتی یان رۆڵێکی زەق بەرچاویان لە سیاسەت و ئابووری ناوچەکەدا هەیە. لە دەورانی پاش رووخانی یەکێتی سۆڤییەت، وڵاتانی ئۆراسیا هەڵوێستێکیان هەبوو کە بۆ ئامانجگەلی سیاسەتی دەرەکی گرنگی یەکەمی هەبووە، کەوابوو جێی سەرسوڕمان نییە کە رووسیا بەتێوەلکاندنی ئیسرائیل لە ئاسیای ناوەڕاستدا زۆر بەتوندی دژایەتیکردووە، یەکێک لە لایەنگرانی ئەم هەڵوێستە "لادمیر ژیوونوفسکی" بووە کە پلەی سێهەمی لە هەڵبژاردەکانی سەرۆک کۆمار لە ژوئن ١٩٩١هەبووە.

ئیسرائیل لەوە ئاگادارە کە رووسیا دەتوانێ زیانێکی زۆری هەبێ و بەمهۆیەشەوە نەیویستووە زیاتر لەوەی کە هەیە مۆسکۆ بوروژێنێ، لە لایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش کە وەکو هێزێکی ناوچەیی و هاوسنوور لەگەڵ ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستدا لە ساڵی ١٩٩٥ەوە، پەیوەندی ستراتیژیکی لەگەڵ رووسیا دامەزراندووەو، بەم پێیەش لە هەوڵە ئایدیۆلۆژیکییەکانی خۆی لەم ناوچەدا کەم کردۆتەوە (١٩٩٥ی زایینی) و لەرێگەی هێورکردنەوە (١٩٩٧ز) وە بەرژەوەندییە ستراتیژیکییەکانی خۆی بەشێوازی پراگماتیسم دارشتووەو لاپەڕەیەکی نوێی لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و رووسیا هەڵداوەتەوە.

بەم پێیە ئیسرائیل لەگەڵ کێشە و پێکدادانداندا بەرەورووبوو ئیسرائیل بۆ نەمانی نیگەرانییە ئاسایشییەکانی خۆی دەستی داوەتە پێکهێنانی پەیمانە سەربازی و ئاسایشی لەگەڵ تورکیا و ئازەربایجاندا، لە لایەکی دیکەشەوە بەنزیکایەتی زیاتر لەگەڵ وڵاتانی بەهێزی ئاسیای ناوەڕاست واتە قەزاقستان و ئۆزبەکستان، بەری پێکهاتنی بەرەی هاوبەشی ناوچەیی لەدژی خۆی گرتووە، لەگەڵ ئەمەشدا بەرچاوبوونی رۆڵی رۆڵگێڕانی سەرەکی ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست، واتە رووسیا و ئێران و دژایەتی کۆنی ئەم وڵاتانە لەگەڵ دەستێوەردانی ئیسرائیل لە ئاسیای ناوەڕاست و هەلومەرجی ناسکی سیاسی ناوچەکە، سەرکەوتنی قازانجەکانی ئیسرائیل لە درێژخایەندا دەخاتە مەترسییەوە، هەرچۆنێبێ هەبوونی بەهێزترین وڵاتانی جیهانی ئیسلام لەناوچەکەدا و هەروەها ئامادەیی ئەم وڵاتانە بۆ وەڵامدەرەبوون بەنیسبەت پێویستییە ئابوورییەکانی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و هەوڵی هاوئاهەنگی وڵاتانی ئیسلامی لە چوارێوەی رێکخراوە ئیسلامییە ناوچەییەکان و جیهانییەکانداو دووربوونی ئیسرائیل لەگەڵ عەرەبەکان، بەربەستی جیددی خستۆتە سەر رێگای دژەی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا.

**پەراوێز**

**١- مەبەست تێکدانی سەقامگیرییە**
**٢- مەبەست نێگەتیڤە**
**٣- مەبەست پەیوەندی دوژمنانەیە**
**٤- مەبەست ناسەقامگیرییە**
**٥- تەنانەت تیرۆریستیش**
**٦- مەبەست لێک تێنەگەیشتن**
**٧- مەبەست ناسەقامگیری**
**٨- مەبەست دژەی نێگەتیڤە**
**٩- مەبەست دژەی نێگەتیڤە**